www.kurdistannet.org
23/07/2003 00:56

بە ناوی کوردستانی گەورە !

# گڵکۆی ژێژێنێراڵ ئیحسان نووری، لە تاران

2003/7/21

ح. س. سۆران

soran909@hotmail. com

ئەم ولـاتی کوردستانە، هەمیشە مەکۆی مرۆڤگەلی رزگاری ویست و ئاشتی خواز بوە، یەکێک لەو قارەمانە مەزنانە کە دروشمی رزگاری ویستی و ئازادی خوازی بوە، ، بەهەشتی ژێنێراڵ ئیحسان نووریە.

وەک "کریس کووچێرا"، لە کتێبی " بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد لە سەدەی نۆزدە وبیست " دا، بە زمانی فەرانسە نوسیویەتی و رێزدار کاک محەممەد رەییانی بە کوردی وەری گێڕاوە، بەرێز ژێنێراڵ ئیحسان نووری، لە بنەچەک خەڵکی شاری بتلیسی کوردستانی داگیرکراوی تورکیا بوە ولە شۆڕشی سالی 1925 دا. لە چیاکانی بەیتەششەباب، بەشداری کردوە. دوای ئەوە لەگەڵ هێزێک لە ئازادی خوازان، رویان کردوەتە چیای ئاڕاڕات و لەوێ، لە دەوری یەک، کۆبوونەتەوە.

سالی 1927، بە نوێنەرایەتی شۆڕشگێڕانی ئاڕاڕات، لە کۆنگەرەی کوردگەلی " خویی بوون " دا، بەشداری کردوە و ناوەندی بەرەنگاری و خەباتی ئاڕاڕات، لەو کۆنگەرەیەدا، پێک هاتوە و بڕیار دراوە، کە کورد لە چیاکانی ئاڕاڕات کۆببنەوە. جا، لە سالی 1927ەوە، خەبات دژی داگیرکەرانی تورکیا لەومەلبەندە، دەستی پێکراوە.

لە سالی 1928 ەوە، ئیحسان نووری بوە بە سەرۆکی ئەو شۆڕشە. لەم شۆڕشەدا، ئاڵای کورد هەڵکراوە و کۆمارێکی چکۆلەی کورد، بۆ جاری هەوەڵ لە چیای بەرزی ئاڕاڕات دروست بوە. هەڵسووڕێنەری کاروباری ناخۆیی ئەم شۆڕشەش، برایم پاشا هەسکی تێللو بوە.

لەپاشان، بەداخەوە ئەم شۆڕشەش، وەک زوربەی بزووتنەوەکانی دیکە تێک شکاوە، کە رەنگە هۆی گرنگی ئەم تێکشانەنەش هەر چەند بەرەکێ بووبێ و دیسان رێبەرێکی حەق بەدەستی کورد، هیچ چارە و دەرەتانێکی بۆ نامێنێ، مەگەر پەنا هێنان، بۆ داگیرکەری بەشێک لە ماڵەکەی خۆی. بە کورتی، ژێنێراڵ ئیحسان نووریش، لەگەڵ دەست و پێوەنەکەی، دێنە شاری تاران و لە کاتی دەستەلات داری بنەماڵەی پەهلەوی دا، لە تاوی ئاور پاڵ دەدەن بە مارەوە.

سەردەمێکی زۆر، سەرۆک ئیحسان نووری لە شاری تاران ژیا، تا بەر لە رووخانی رێژیمی پادشایەتی ئێران، هەر لە تاران کۆچی دوایی کرد. بە داخەوە لەبیرم نیە، چ رۆژێک و چ سالێک کۆچی دوایی کرد، واش باشترە بە گۆترە هیچ نەلێم. بەلام ئەمەم لەبیرە کە رۆژی ناشتنی تەرمی پیرۆزی، لە شاری تاران، زۆر لە کوردانی ئەم شارە، لەو رێ و رەسمەدا، بەشداریان کرد و مرۆڤی زۆر خوێن گەرمی کورد، بەهەشتی دوکتور هاشم شیرازی، لە سەر گڵکۆی پیرۆزی سەرۆک ئیحسان نووری، نووسراوەیەکی یەکجار یەکجار زۆر جوان وشیاوی خۆێندەوە.

لە سالی 2002 ی زاینییش دا، برێک لە کوردانی دلسۆزی خەڵکی تاران، کێلێکی تایبەتیان بە دروشمی رێزدانان و پێ زانین، بۆ ئەم سەرداره ناودارەی کورد تاشی و لە سەر گڵکۆی پیرۆزی، بە دڵ و گیان چەقاندیان. یادی پیرۆز و رێگەی ئاوەدان بێ.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نوسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.